**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٦**

**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/١١**

پشت بە حوكمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، و لەسەر ئەو یاساكارییەش كە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١١ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەكەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆكایەتی پەرلەمان دراوە ، بڕیاری دەركردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨**

**یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):** هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان،ئەنجام نادرێت

**ماددەی (٢):**

**یەكەم:** كاركردن بە یاسای (دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێم) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان لەكارو ئەركە كارگێڕی و داراییەكان بەردەوام دەبێت و، لەژێر سەرپەرشتی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران كارەكانی ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٣):**

پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان لە ماوەی دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەكەمیدا لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە گشتییە دەستوورییەكان، بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم بدات.

**ماددەی (٤):** كار بە هیچ دەقێكی یاسایی ناكرێت، پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی (٥):** پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی (٦):** ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێت و، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**هۆیەكانی دەرچواندن**

لە پێناو ڕەخساندنی زەمینەی سازان و لێك تێگەیشتن لەسەر سیستەمی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان - عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |